# هەڵبژاردن ، عێراقی نوێ ، کێشەی کورد و ئەزمون!

**نەوزاد وەلی**

هەڵبژاردنەکەی عێراق زۆری لەسەر وترا ، لەگەڵ و دژ ، بە چاکیی و بە خراپیی ، دەیان جۆر هەڵسەنگاندن و خەملاندن! هەندێك لە بەرپرسەکان (شیرازە)ی حەوسەڵەیان پچڕا و هەڕەشەیان لە بەرەی دژ کرد ، تەنانەت مەلا و فەقێکانیش فتوای هەمەجۆرەیان ئەدا ، چ لەگەڵ و چ لە دژ.

زۆربەی ئەو هەڵوێستانە ڕاست و دروست نەبوون! بەڵام گومانیش لەوەدا نیە کە ئەگەر هەڵبژاردنێك لە وڵات و کەشێکی وەك ئەمڕۆی عێراقدا بکرێت و پاش دۆزەخێکی ڕاستەقینەی چل ساڵەی بەعس (1963 ـ 2003) ، ئەوا ئەو کەموکورییانەش هەر ڕووئەدەن.

هەڵبژاردن کرا و زۆرینە بەشدارییکرد. ئەبێت وەك نەریتێکی دیموکراتیی ، کەمینەش ڕێز لە ئەنجامەکانی بگرێت ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە بواری هەڵسەنگاندن و خەملاندن نەمێنێت! بەپێچەوانەوە ، ئەبێت زیادتر وریا ، دوربین و هۆشیاربین.

گرنگیی ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە چەند خاڵێکدا دەرئەکەوێت:

ـ گەلانی عێراق بەگشتیی ، بێزارن لەو بارودۆخە ناهەموارەیان.

ـ دژی تیرۆر و توندوتیژیی ئیسلامیی و سیاسین.

ـ گەلی کورد لە باشوری وڵاتدا ، (بە ڕەسمیی) مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵبژارد و (بە ناڕەسمیی) سەربەخۆیی هەڵبژارد!!

ـ کوردیی و کوردستانیی کەرکوك ، وەك هەمیشە و وەك تیشکی ڕۆژ درەوشایەوە و هەموو حساباتێکی دوژمنانی هەڵوەشاندەوە.

ـ ئەو ڕاستییە سەلێنرا کە مەحاڵە لە وڵاتی ئیسلامییدا هەڵبژاردنی سەربەخۆ و ئازاد و بێ دزیی و گزیی بکرێت!

ئەم خاڵەی دوایی ، گرنگترین تەوەری هەڵبژاردنەکان بوو ، ئەمێریکا و یارانی لە کۆمیسیۆنی باڵای (ناسەربەخۆی) (تێکدانی) هەڵبژاردنەکاندا! زۆر بە وردیی پلانەکانیان جێبەجێکرد و هەندێك ساختە و دزیی و گزیی ئەوەندە زەق بوون کە وەك سیرکوس ڕەچاوئەکران!



## زوڵم و غەدرکردن لە کورد هەر لەوەدا نیە کە چەند سەد هەزار دەنگێکیان لێ دزیوە!

... بەڵکوو ئەوەی کە گرنگە و ئەبێت ڕەچاوبکرێت ، دوو خاڵی سەرەکیین کە کاریگەرییان بۆ سەر دوارۆژی کێشەکەمان هەیە.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە لە شاری بەغدا نزیکەی یەك میلیۆن کورد هەیە ، بەڵام دەنگی ئەو ژمارە کوردە دیار نیە و ئەو دەنگانەش کە لیستی کورد هێناونی ، بەگشتیی دەنگی دانیشتووانی باشوری وڵاتمانە ، واتە ئەگەر ژمارەیەك لە کوردەکانی پایتەختی عێراق دەنگیان بۆ لیستی کورد دابێت و ئەو چەند سەد هەزار دەنگەش نەدزرایە! ئەوا ئەبووایە ڕێژەی دەنگی کورد نزیکەی سی لە سەدا بووایە!

لەم هەڵبژاردنەدا ، بەگوێرەی عەرەبە سوننەکان خۆیان ، نزیکەی 4,2 میلیۆن عەرەبی سوننە دەنگیان نەداوە! بەڵام بەگوێرەی کۆمیسیۆنەکە ، نزیکەی 3,52 میلیۆن کەس دەنگی نەداوە!

ئەمڕۆ ئەو دەنگنەدانەی عەرەبە سوننەکان ، بە شێوەیەکی (ڕووکەشیی) لە بەرژەوەندی کورد و شیعە بوو ، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئایندەدا ئەگەر تەواوی دەنگدەران بەشداریی بکەن! ئەوا زیانێکی گەورە ئەبێت بۆ کورد. ئەو ڕاستییەش ئاشکرایە و ئەو کەسەی کە بەراوردێکی ماتماتیکیی ساکاری

ئەو ڕێژە و ژمارانە بکات ، ئەو ڕاستییانەی بۆ دەرئەکەوێت.
کەواتە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا ، ئەگەر دزیی و گزیی هەر وەك ئەوەی ئەم جارە بێت ، ئەوا ڕێژەی دەنگی کورد لە نێوان 17 و 18 لە سەدا ئەبێت! عەرەبی شیعە 38 ، عەرەبی سوننە 24 و ئەوانی تریش بە ڕێژەیەکی کەمی هەمەجۆرە ، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر وا دابنێین کە تا ئەو کاتە چەند دە هەزار لاوێك تەمەنیان ئەبێت بە 18 ساڵ و بەشداریی هەڵبژاردن ئەکەن و ژمارەیەکیش لە پیرەکان ئەمرن!
لێرەدا پلانی ئەمێریکا و شۆڤێنیستەکانی عەرەب و داگیرکەرانی کوردستان بە ئاشکرا دەرئەکەوێت! ئەمڕۆ ڕێژەی دەنگی کورد (لەدوای دزیی و گزیی) ، نزیکەی چارەکێکی سەرجەم بوو! بەڵام لە هەڵبژاردنی ئایندەدا لەژێر پێنجیەکەوە ئەبێت!!!

**خاڵی دووەم لەم دزیی و گزییەدا ئەوەیە کە بە هەمان ڕادەی زوڵمکردن لە کورد ، زوڵمیش لە هێزی دیموکراتیی و چەپی عێراق کرا.**

لە سێیەم ڕۆژی ژماردنی دەنگەکاندا ، کۆمیسیۆن ڕایگەیاند کە لیستی (یەکیەتی گەل)ی حیزبی شیوعی عێراق ، (تەنیا) لە شاری بەغدا ، تا ئەو کاتە 95 هەزار دەنگی هێنابوو ، بەڵام لە کۆتایی ژماردنی تەواوی دەنگەکانی عێراقدا ، زۆر بێشەرمانە ڕایانگەیاند کە لە هەموو عێراقدا تەنیا 80 هەزار دەنگی هێناوە!!!
گومان لەوەدا نیە کە ئەوە لێدانێکی (دیموکراتییانەی!) هێز و بەرەی چەپ و دیموکراتەکانی عێراقە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لاوازکردنی دەنگ و بەرەی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراقدا ، چونکە چ ئەمێریکا و چ شۆڤێنیستەکانی عەرەب ، ئەو ڕاستییە باش ئەزانن کە پاڵپشتی ڕاستەقینە و بێ مەرجی کورد و کوردستان لە عێراقدا ، تەنیا حیزبی شیوعی و دیموکراتخوازەکانن.

**عێراقی نوێ بە زۆرینەی شیعەکانەوە لە دەسەڵات و پەرلەماندا ، ئەو عێراقە نابێت کە زۆربەی سیاسییەکان و لەوانیش کوردەکان ، ئاواتەخوازن و ئەیانەوێت بە بەرگێکی دیموکراتیی و دادی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەوە بیبینن!**

شیعەکان لە یەکەم هەنگاوی دەسەڵاتیاندا کە ئەو کاتەی لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتییدا بوون ، یاساکانی باری کەسێتییان هەڵوەشاندەوە و ویستیان 1400 ساڵ کۆمەڵگای عێراق بگەڕیننەوە بۆ دواوە! ڕۆژی جەژنی جیهانیی ئافرەتانیان گۆڕی بە ڕۆژی لەدایکبوونی ژنی عەلی و مزگەوتەکانیان کرد بە (دادگای شارستانیی)!!!
گومان لەوەدا نیە کە قۆناغی ئایندە و عێراقی نوێ ، کارەساتی زۆری لە هەناودایە و ئەبێت ئامادەبین بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

**کورد لە عێراقی نوێدا ، بەرەو ڕووی زۆر کێشەی سەخت و دژوار ئەبێتەوە.**

ناقۆڵاترینیشیان ئەوەیە کە (لەوانەیە!) لەپێناوی بەرەنگاربوونەوەی پلانە (خشکەییەکانی) شیعەکاندا ، بەرەی کورد ناچار ببێت کە هاوپەیمانیی بکات لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا کە زۆربەیان بەعسییە کۆن و تازەکانن!
بە داخەوە بە دەستی خۆمان کێشەی کورد و کوردستانمان کرد بە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق و ڕەوایەتییشمان پێداوە! بۆیە ئەبێت چاوەڕێی زۆر کێشەی نوێ بین. با ئەوەش وەك ئەوانی تر بەجێبهێڵین بۆ ڕۆژگار و بزانین چی ئەبێت!

**هاووڵاتییانی کوردستان لە باشوردا ، بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان ، جارێك بە کۆکردنەوەی نزیکەی دوو میلیۆن ئیمزا و ئەم جارەشیان لە هەڵبژاردنەکاندا بە دوو میلیۆن دەنگ ، ڕاستیی و فاکتەرەکێکی نێونەتەوەییان هێناوەتە ئاراوە کە کەس ناتوانێت خۆی لێ گێل بکات.**

پێویستە لەمەودوا سەرانی کورد لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەنگانەی ڕێفراندەمدا ، مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی گەلەکەماندا بکەن ، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستگۆ و بە ئەمانەتەوە!
ئەبێت پەرلەمانی نوێی کوردستان ئەو دەنگانەی ڕێفراندەم بکات بە (زەمینەیەك) بۆ هەنگاوی ئایندە ، نەك بە کارتێك ،

بۆ مەبەست و بەرژەوەندی حیزبایەتی!

ئەبێت پەرلەمان ئەو دەنگانە بگەیەنێت بە پەرلەمانەکان و وڵاتانی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتووەکان و هەوڵبدات بۆ بە ڕەوا ناساندنی ئەو بزوتنەوە ڕاپرسییەی گەلی کوردستان.

**کێشەی کەرکوك بە پێچەوانەی خەو و خەیاڵی دوژمنانەوە ، لە هەڵبژاردنەکەدا بە ساکاریی دەربازی بوو ، بۆیە ئەبێت پەرلەمان و (حکومەتەکانی) باشوری کوردستان ، زیادتر پێ لەسەر ئەو کێشەیە دابگرن.**

سەرکەوتنی کورد لە کەرکوکدا ، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە جەماوەری کوردستان لە کێشە نەتەوایەتییە گەورەکاندا ، گوێ نادات بە حیزبایەتی و ئایدیۆلۆجیا و شەڕە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ ، بۆیە جەماوەر دەنگیان بۆ کەرکوك دا ، بۆ خاکی کوردستان ، نەك ئایدیۆلۆجیا و حیزبایەتی! ئەبێت سیاسییەکانی کورد وانەیەك لەم هەڵوێستەی جەماوەری کەرکوکەوە فێرببن.

تا دوێنێ بوو تورکە شۆڤێنیستەکان کەرکوکیان بە شارێکی تورکیا ئەژمارد و یەکێك بوو لە بنەما پیرۆزە درۆکانیان! بەڵام لەدوای دەنگدانی جەماوەری شاری کەرکوکەوە بۆ کوردیی و کوردستانیی کەرکوك و سەروبنکردنی خەو و خەیاڵەکانی تورك ، سەرانی تورك بە ڕاست و چەپیانەوە ، بەو شارە (پیرۆزەیان!) ئەڵێن (کەرکورد)!

بەڕاستیی ئەمە نزمترین ئاستی سیاسی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتییە کە سەرانی تورك پێی گەیشتوون! ئەمە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە سەرانی تورك نەك هەر تا سەر ئێسك ، بەڵکوو تا ناو مۆخەکەشیان نقومن لە شۆڤێنیزم و فاشیزمدا.

**ئەزمون!**

وەك وتمان ، ئەم هەڵبژاردنە زۆری لەسەر وترا و نوسرا ، گەورەترین کێشەش ئەوە بوو کە بەشدارییکردن باشترە یان بەشدارییینەکردن! بە هەر حاڵ ئێستا کەوتووینە ئەمری واقیعەوە ، بۆیە ئەبێت بە هەموو لایەکمان هەوڵی سەرکەوتنی پروسێسەکە بدەین.

**ئەم هەڵبژاردنە هەموو شتێك نیە بۆ ئێمە ، بەڵکوو تەنیا ئامرازێکی شارستانییانەی ئەم سەردەمەیە بۆ هێنانەدی بەشێك لە ئاوات و ئامانجەکانمان.**

دانانی دەستوری هەمیشەیی عێراقیش ، ئامرازێکی ترە و جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوریش ، تا ڕادەیەك گرنگترین بەشی ئەو سیناریۆیەیە!

لەبەرئەوە ، زۆر گرنگە کە هەر لە ئێستاوە پەرلەمانی کوردستان کۆمیسیۆنێك دروستبکات ، لە کەسانی پسپۆر و شارەزا و بە ئاشکرا بکەونە خۆ ، بۆ وتووێژ لەسەر دەستوری نوێ و لە تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وتووێژی بەربڵاوی لەسەر بکرێت ، بۆ ئەوەی کە ببێت بە (بزوتنەوە و هەڵمەتێکی جەماوەریی) و زۆرترین ژمارە لە ڕۆشنبیران و کەسانی بەتوانا و شارەزایان و جەماوەری گەلەکەمان بەشداربن لە داڕشتنی ئەو دەستورەدا.

**ئەگەر داڕشتنی دەستوری نوێی عێراق ، هەر لە کۆبوونەوەکانی بەرپرسە حیزبییەکانی کورد و عەرەبی شیعە و سوننەدا بکرێت! ئەوا هەڵەیەکی گەورە ئەبێت و زوڵمێکی ترە لە جەماوەری گەلەکەمان ئەکرێت.**

تا ئێستا سەرانی کورد کردوویانە بە داب و نەریت و کلتورێکی سیاسی کە خۆیان خاوەنی بڕیار بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی گەل و نیشتمانەکەماندا و بە نهێنی وتووێژ و کۆبوونەوە بکەن لەگەڵ پەیوەندیدارەکاندا ، چ لە داگیرکەرانی کوردستان و چ لە دۆست و دراوسێکان!

لەبەرئەوە ئەم سەردەمە سەردەمی نوێ و سەردەمی وتووێژ و گڵۆڵەیە و ئەبێت هیچ کەس و لایەنێك ئەو مافە بە خۆی نەدات کە بە تەنیا و بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەری گەلەکەمان ، بڕیارێك بدات ، یان کارێك بکات کە پەیوەندیی بە کێشە و باسە چارەنوسییەکانی گەل و نیشتمانەکەمانەوە هەیە. ئەبێت هەموو کەسێك ئەو ڕاستییە بزانێت کە گەل سەرچاوەی بڕیارە و حیزبەکانیش ئامرازی جێبەجێکردن!

2005-2-17